# پرۆلیتاریا و شۆڕش

## لیۆن ترۆتسکی

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: پێگەی سۆشیالیزم

# The Proletariat and the Revolution

1904

## Leon Trotsky

Introduction
by MOISSAYE J. OLGIN

لە بڵاوکراوەکانی پێگەی سۆشیالیزم

پێشەکی

نووسینی: مۆیسای ج. ئۆلگین[1]

وتاری "**پرۆلیتاریا و شۆڕش**" لە کۆتایی ساڵی ١٩٠٤دا بڵاوکرایەوە، نزیکەی ساڵێک دوای دەستپێکردنی جەنگی ڕووسیا و ژاپۆن. ئەم ساڵە ساڵێکی چارەنووسساز بوو بۆ دەسەڵاتداری ئۆتۆکراسی ڕووسیا. بە خۆپیشاندانی جەماوەری دەستی پێکرد، و بە زنجیرەیەک شکستی ئابڕووبەرانە لە مەیدانی جەنگ و بە ناڕەزایەتی سیاسیی بێوێنەی چینە خۆشگوزەرانەکان کۆتایی هات.

**زێمستڤۆکان** (دەستەی هەڵبژێردراوی ناوخۆیی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەیی) بە سەرکردایەتیی خاوەن زەوییە لیبراڵەکان، هەڵمەتێکی سیاسیی بەهێزیان بۆ پشتیوانی دەستوور دەستپێکرد. گروپە لیبراڵەکانی تر، ڕێکخراوە پیشەوەرییەکان (کە لە وتارەکەی ترۆتسکیدا وەک "دیموکراتەکان" و "توخمە دیموکراتەکان" ناوبراوون) چوونە پاڵ بزووتنەوەکە. سەرکردەکانی زێمستڤۆ کۆنگرەیەکی کراوەیان لە پترسبۆرگ (٦ـی مانگی نۆڤەمبەر) ڕێکخست، کە داوای ئازادییە شارستانیەکان و دەستووریان دەکرد. "توخمە دیموکراتەکان"یش لەژێر ناوی خوانی تایبەت، کۆبوونەوەی سیاسیی گشتیان ڕێکخست. میدیای لیبراڵ لە هێرشکردنە سەر حکومەت بوێرتر ببوو. بەڵام حکومەت لەوانە چاوپۆشی کرد. شازادە سڤیاتۆپۆلک-میرسکی، کە جێگەی **ڤۆن پلێڤێی** گرتبووەوە، ئەو دیکتاتۆرە دژبەرەی کە لە ژووڵای ١٩٠٤ لەلایەن شۆڕشگێڕێکەوە تیرۆر کرا، بەڵێنی "پەیوەندیی دۆستانە"ی لەنێوان حکومەت و کۆمەڵگە دابوو. لە زاراوەی سیاسییدا ئەم قۆناغی لێبووردەییە، کە لە مانگی ئابەوە تا کۆتایی ساڵ بەردەوام بوو، بە سەردەمی "**بەهار**" ناسرابوو.

کاتێکی خۆش بوو، پڕ لە هیوا و چاوەڕوانی سیاسی بوو. بەڵام سەیر ئەوە بوو ، چینی کرێکار بێدەنگ بوو. چینی کرێکار لە ساڵی ١٩٠٢ و بەتایبەتی لە هاوینی ١٩٠٣دا ناڕەزایەتییەکی گەورەی نیشان دابوو، کاتێک دەیان هەزار کرێکار لە باشووری ڕۆژئاوا و لە باشوور دەستیان لە کار هەڵگرت و مانیان گرت، بەڵام بە درێژایی ساڵی ١٩٠٤، نزیکەی هیچ جوڵەیەکی جەماوەریی لەلایەن کرێکارانەوە ڕووی نەدا. ئەمەش دەرفەتی بۆ زۆرێک لە لیبراڵەکان ڕەخساند کە توانج لە نوێنەرانی پارتە شۆڕشگێڕەکان بدەن: کە هەموو تاکتیکەکانیان لەسەر بنەمای چاوەڕوانیی لە شۆڕشێکی جەماوەری بنیات نابوو.

بۆ وەڵامدانەوەی پاگەندەی ئەو گومانکارانە و بۆ هاندانی ئەندامە چالاکەکانی پارتی سۆسیال-دیموکرات، ترۆتسکی ئەم وتارەی نووسی. گرنگی سەرەکیی ئەم وتارە کە بایەخێکی مێژوویی پێدەبەخشێ؛ ئەوەبوو بە ڕوونی دەستنیشانی بۆ بارودۆخی سیاسی کردبوو. هەرچەندە لە دەرەوەی وڵات دەژیا، بەڵام ترۆتسکی بەوردی هەستی بە ترپەی دڵی جەماوەر کردبوو، ئەو "ماتەوزە شۆڕشگێڕییە" کە بەدوای دەرچەیەکدا دەگەڕا. ئەو پێناسەی بۆ ڕەوتی شۆڕشێکی، ئەو ڕۆڵەی کە

---

[1] ئەم وتارەی لیۆن ترۆتسکی یەکێکە لە وتارە نایابەکانی ئەو لەسەر دۆخی ئەوکاتەی ڕووسیا، لەگەڵ کۆمەڵەی وتاری **شۆڕشی ئێمە** بڵاوکراوەتەوە. پێشتر بەناوی ٩ـی ژانڤێ بڵاوکراوەتەوە، چوونکە کەمێک پێش ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە نووسیبووی و پێشبینی ئەو دۆخەی کردبوو. دواتر **مۆیسای ج. ئۆلین** لە ١٩١٨ وەریگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی لە ژێر ناوی **پرۆلیتاریا و شۆڕش** بڵاوی کردەوە. لەو کاتەوە هەر بەم ناوە بڵاو دەکرێتەوە.

دەیداتە پاڵ کرێکاران، دانیشتووانی نا-پرۆلیتاریای شارەکان، گروپە خوێندەوارەکان، و سوپا؛ هەڵسەنگاندنی بۆ کاریگەریی جەنگ لەسەر مێشکی جەماوەر؛ و لە کۆتاییدا، ئەو دروشمانەی کە دەیخاتە بەردەم شۆڕش، – هەموو ئەمانە بە تەواوی لەگەڵ ڕووداوەکانی ساڵی پڕ لە گێژاوی ١٩٠٥دا هاوتان. لە کاتی خوێندنەوەی **پرۆلیتاریا و شۆڕش** دا، هەر خوێنەرێک کە لەسەر ژیانی سیاسیی ڕووسیا دەخوێنێتەوە وا هەست دەکات وەک ئەوەی وتارەکە دوای شۆڕش نووسرابێ، ئەوەندە بەوردی بەدواچوونی بۆ ڕەوتی ڕووداوەکان کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا وتارەکە پێش ٩ـی ژانڤێ ١٩٠٥ بڵاوکراوەتەوە، واتە پێش یەکەم هێرشی گەورەی پرۆلیتاریا لە پترسبۆرگ.

باوەڕی ترۆتسکی بە دەستپێشخەریی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکار، نەدەکرا بە شێوازێکی لەمە ڕوونتر دەرببڕدرێ.
م. ئۆلگین ١٩١٨

**پرۆلیتاریا و شۆڕش**
**لیۆن ترۆتسکی**

پرۆلیتاریا نابێ تەنها پروپاگەندەی شۆڕشگێڕانە بکات، بەڵکو دەبێت پرۆلیتاریا خۆی بەرەو شۆڕش پێشڕەوی بکات.

پێشڕەوی بەرەو شۆڕش بە مانای دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ ڕاپەڕین و خۆئامادەکردن بۆ ئەو ڕۆژە نایەت. هەرگیز ناتوانرێ ڕۆژ و کات بۆ شۆڕش دیار بکەی. خەڵک هەرگیز بە فەرمان شۆڕشی نەکردووە.
لە بەرچاوگرتنی ئە ڕووداوە حەتمییە کە نزیکە [لەڕودان]، ئەوەی دەکرێت بریتییە لە هەڵبژاردنی پێگە هەرە گونجاوەکان، هاندان و چەکدارکردنی جەماوەر بە دروشمێکی شۆڕشگێڕانە، هاوکات ڕاپێچکردنی سەرجەم هێزە تەرخانکراوەکان بۆ نێو گۆڕەپانی جەنگ، مەشقیان پێ بکرێت لەسەر هونەری جەنگ، هێشتنەوەیان لە دۆخی ئامادەباشی چەکداریدا، ناردنی زەنگی ئاگادارکردنەوە بۆ سەرجەم هێڵەکان کاتێک کاتی گونجاو هات.
ئایا ئەمە تەنها بە مانای زنجیرەیەک ڕاهێنان دێ، نەک پێکدانێکی یەکلاکەرەوە لەگەڵ هێزەکانی دوژمن؟ ئایا ئەوە تەنها مانۆڕ دەبێ، نەک شۆڕشێکی ناو شەقام؟
بەڵێ، ئەوە تەنها مانۆڕ دەبێ. بەڵام جیاوازیەک هەیە لەنێوان مانۆڕی شۆڕشگێڕانە و مانۆڕی سەربازیدا.
ئامادەکارییەکانی ئێمە دەکرێت لە هەر کاتێکدا و بەدەر لە ویستی ئێمە، بگۆڕێ بۆ شەڕێکی ڕاستەقینە کە چارەنووسی جەنگە شۆڕشگێڕییە درێژخایەنەکە یەکلایی بکاتەوە. نەک هەر دەکرێت وا بێ، بەڵکو پێویستە وا بێت.

تیژیی بارودۆخی سیاسیی ئێستا دەستەبەری ئەمە دەکات، کە لە قووڵاییدا بڕێکی گەورە باروتی شۆڕشگێڕانەی هەڵگرتووە.
ئەو کاتەی مانۆڕە ئاساییەکان دەگۆڕێن بۆ شەڕێکی ڕاستەقینە، بەندە لەسەر قەبارە و پتەوەیی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر، بە باری هاوسۆزیی ئەو جەماوەر کە کۆدەبنەوە ، وە لەسەر هەڵوێستی ئەو یەکە سەربازیانەی کە حکومەت لە دژی خەڵک دەیانجوڵێنێ.

ئەم سێ هۆکارەی سەرکەوتن، دەبێ کاری ئامادەکاریی ئێمە دیاری بکەن. جەماوەری پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ بوونی هەیە. دەبێت بتوانین لە کاتێکی دیاریکراودا و لەسەر تاسەری ولاتدا بانگیان بکەینە سەر شەقامەکان؛ دەبێ بتوانین لە ڕێگەی دروشمێکی گشتییەوە یەکگرتوویان بکەین.
سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە پڕن لە ڕق و توڕەیی بەرامبەر دەسەڵاتی تاکڕەو، و ئەمەش خۆی بە مانای هاوسۆزی دێ بۆ خەبات لەپێناو ئازادی دا. دەبێ بتوانین ئەم هاوسۆزییە لە دەوری پرۆلیتاریا چڕ بکەینەوە وەک هێزێکی شۆڕشگێڕ کە بە تەنها دەتوانێت ببێتە پێشڕەویی خەڵک لە خەبات بۆ ڕزگارکردنی داهاتووی ڕووسیا. **سەبارەت بە باری دەروونیی سوپا، ئەوا هیچ هیوایەکی گەورە بە دڵی حکومەت نابەخشێت.** لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەندین نیشانەی مەترسیدار هەبوون؛ سوپا بێزارە، سوپا بۆڵەبۆڵیەتی، و ە هەوێنی نارەزایەتی لەناو سوپادا هەیە.
دەبێ هەموو توانایەکی خۆمان وەگەڕخەین بۆ ئەوەی لە کاتی هێرشی یەکلاکەرەوەی جەماوەردا، سوپا خۆی لە دەسەڵاتی ڕەها دابڕێ.
با سەرەتا چاوێک بەو دوو مەرجەی کۆتاییدا بخشێنینەوە، کە ڕەوت و دەرەنجامی هەڵمەتەکە دیاری دەکەن.

ئێمە تازە بەناو قۆناغی "بوژانەوەی سیاسی"دا تێپەڕبووین کە بە دەنگی زوڵاڵی گەڕەناکان trumpet دەستی پێکرد و بە وژەی قامچییەکان کۆتایی پێهات، سەردەمی سڤیاتۆپۆلک-میرسکی[2] – کە دەرەنجامەکەی بریتی بوو لە وروژاندنی ڕق بەرامبەر دەسەڵاتی تاکڕەو لەنێو سەرجەم توخمە بیرمەندەکانی کۆمەڵگەدا بە ڕادەیەکی بێوێنە. ڕۆژانی داهاتوو بەروبوومی ئەو هیوا وروژاوانەی جەماوەر و ئەو بەڵێنە بەجێنەهێنراوانەی حکومەت دەچننەوە. لەم دواییانەدا، بایەخی سیاسی شێوەیەکی دیاریکراوتری وەرگرتووە؛ نارەزایەتی قووڵتر بووەتەوە و لەسەر بنەمایەکی تیۆریی ڕوونتر دامەزراوە. ئاگایی جەماوەری کە دوێنێ بە تەواوی سەرەتایی بوو، ئێستا بە پەرۆشییەکی زۆرەوە دەست دەداتە کاری لێکدانەوەی سیاسی.

---

[2] سەردەمی Svyatopolk-Mirsky سەردەمێکی کورتی سیاسی بوو لە نێوان ١٩٠٤ بۆ ١٩٠٥ کاتێک میرسکی جێگای وەزیری پێشووی گرتەوە بە سەردەمی بوژانەوە وکرانەوەی سیاسی ناسرا لای لیبراڵەکان، چوونکە میرسکی سانسۆری لەسەر رۆژنامەگەریی کەم کردەوە و زۆرێک لە سەرکردە دورخراوە لیبراڵەکانی ئازادکرد. بەڵام هەر زوو سەردەمی سەرکوتکردن دەستی پێکردەوە. دواین کۆمەڵکوژییەکەی کرێکارانی سانت پترسبۆرگ لە ٩ـی ژانقێ ١٩٠٥ (بەپێیی رۆژمێری نوێ ٢٢ـی ژانقێ ١٩٠٥) لەبەردەم کۆشکی زستانی تزار، کە بە ڕۆژی **یەکشەمەی خوێناوی** ناسراوە، بەتەواوی کۆتایی بە وەهمەکان هێنا. ترۆتسکی پێش ئەو ڕووداوە ئەم وتارەی نووسیوە لە ١٩٠٤ هەر ئەوکات کرێکارانی لە وەهمی لیبراڵەکان ئاگادارکردەوە و پێشبینی کۆتایی ئەو سەردەمەی بەتەواوی کردبوو: کە بەدەنگی گەڕەناکان یان پروپاگەندەی خۆشباوەڕی لیبراڵەکان دەستی پێکردوە و بە وژەی قامچی و سەرکوت کۆتایی دێت.

هەموو دەرکەوتەکانی تاکڕەوی و دەسەڵاتی ئۆتۆکراسی بە خێرایی دەگەڕێندرێنەوە بۆ هۆکارە سەرەکیەکەی. دروشمە شۆڕشگێڕییەکان چیتر خەڵک ناترسێنن؛ بەڵکو بە پێچەوانەوە، دەبنە پەند و دەنگدانەوەیەکی هەزار قاتیان دەبێ. هەروەک چۆن ئیسفەنج هەر شلەمەنیەک هەڵدەمژێ، هۆشیاریی جەماوەرییش هەر وشەیەکی نەرێنی، سەرکۆنەکردن یان نەفرەت کردن لە تاکڕەوی هەڵدەمژێ، هیچ هەنگاوێکی حکومەت بێ سزا نامێنێتەوە. هەر هەڵەیەکی بە وردی هەژماری بۆ دەکرێ. هەنگاوەکانی ڕووبەڕووی گاڵتەجاری دەبنەوە و هەڕەشەکانیشی ڕق بەرهەم دەهێنن.
دەزگا فراوانەکەی میدیای لیبراڵ ڕۆژانە هەزاران ڕاستی بڵاو دەکاتەوە کە هەستی جەماوەر دەوروژێنن، هانییان دەدەن و گڕیان دەدەن.

هەستە کپکراوەکان بەدوای دەرچەیەکدا دەگەڕێن . تیۆر هەوڵ دەدا بگۆڕێ بۆ کردار. بەڵام، میدیای لیبراڵی هۆسەکەر، لە کاتێکدا کە پەرە بە نائارامیی جەماوەریی دەدا، مەیلی ئەوەی هەیە کە ڕەوتەکەی [جەماوەر] بەرەو جۆگەیەکی بچووک ببات؛ ڕێزێکی خەیاڵی بۆ "ڕای گشتی" بڵاو دەکاتەوە، "ڕای گشتی"ـی بێدەسەڵات و ناڕێکخراو خۆی ناگۆڕێت بۆ کردار؛ شێوازی شۆڕشگێڕانەی ڕزگاریی سەرتاسەری لەکەدار دەکات؛ پشتیوانی لە وەهمی یاساییبوون دەکات؛ هەموو سەرنج و هیوای گروپە توندڕەوەکان لە دەوری کەمپەینی زێمستڤۆ[3] چڕ دەکاتەوە، و بەمەش بە شێوەیەکی سیستماتیک شکستێکی گەورە بۆ بزووتنەوەی جەماوەری ئامادە دەکات.
ناڕەزایەتیی توند کە هیچ دەریچەیەک بۆ خۆی نادۆزێتەوە، و بەهۆی شکستی حەتمی هەڵمەتی یاسایی زێمستڤۆ کە نە هیچ نەریتێکی خەباتی شۆڕشگێڕانەی لە ڕابردوودا هەبووە و نە هیچ ئاسۆیەکی ڕوونی لە داهتوودا هەیە.
[ناڕەزایەتی توند] بەناچاری خۆی لە تەقینەوەیەکی تیرۆریستی بێ هیوا دا دەردەخات.ئەمەش ڕۆڵی ڕۆشنبیرە ڕادیکاڵەکان تەنیا بە تەماشاکارێکی بێدەسەڵات و بێلایەن دەهێڵێتەوە کە تەنیا هاوسۆزییان هەبێ [و هیچی تر]، لە کاتێکدا لیبراڵەکان لە پەرۆشییەکی ئەفلاتوونی[4] پڕ لە گوماندا دەخنکێن.
نابێ ئەمە ڕووبدا، دەبێت ئێمە جڵەوی ڕەوتی وروژانی جەماوەری بگرینە دەست؛ دەبێ سەرنجی گروپە کۆمەڵایەتییە ناڕازییەکان ئاراستە بکەین بۆ کارێکی مەزن بە پێشڕەوایەتیی پرۆلیتاریا، – واتە شۆڕشی سەرتاسەری.
پێشڕەوی شۆڕش دەبێت سەرجەم توخمەکانی تری خەڵک لە سستی بەئاگا بێنێتەوە؛ لێرە و لەوێ و لە هەموو شوێنێک دەربکەوێ؛ پرسیارەکانی خەباتی سیاسی بە بوێرانەترین شێوەی گونجاو بخاتەڕوو؛ بانگەواز بکات، سەرکۆنە بکات، و

[3] Zemstov دامەزراوەیەکی لیبراڵە ریفۆرمیستەکان بوو، زێمستڤۆکان لە خاوەن موڵک و وردەبۆرژوازی ڕۆشنبیری شار پێکهاتبوون. بڕوایان بە گۆڕانکاری هێواش و هەنگاو بە هەنگاو هەبوو. ئەمانە هەرخەریکی ئەوەبوون وزەی پرۆلیتاریا بەفیڕۆ بدەن. بۆیە ترۆتسکی ڕاگەیاندەکانیان هۆسەکەر و کرداریان وەک کەمپەنێک بۆ بەلاڕێدا بردنی بزووتنەوەی جەماور باس دەکات.

[4] لیبراڵەکان لەناو خەیاڵ و پەرۆشی و حەماسەت بۆ چاکسازی تەنیا ئایدیایەکی بێ کردارن. ئەوان بە ڕێکخستنی کەمپین و نامەنووسین و پێشنیار بۆ دەسەڵات و پەرلەمان وزەی شۆڕشگێڕیی پەکدەخەن، زۆر جار خۆشیان دەزانن و بەگومانن لەو کارانەی خۆیان کە هیچ بگۆڕێ. بۆیە ترۆتسکی بەم لیبراڵ ڕۆشنبیر و وردەبۆرژوازیانە دەڵی لەناو پەرۆشی ئەفلاتوونی گوماناویدا خنکاون.

ديموكراسيى دووڕوو لەقاو بات؛ وا بكا ديموكراتەكان و ليبراڵەكانى زێمستڤۆ ڕووبەڕووى يەكتر ببنەوە؛ دووبارە و دووبارە بەئاگايان بێنێتەوە، بانگەواز بكا، سەرزەنشت بكا، داواى وەڵامێكى ڕوون بكات بۆ پرسيارى "چى دەكەن؟"، ڕێگە بە هيچ پاشەكشەيەک نەدا؛ ليبراڵە ياساييەكان ناچار بكات دان بە لاوازيى خۆياندا بنێن؛ توخمە ديموكراتييەكانيان لێ دووربخەنەوە و يارمەتييان بدەن بۆ سەر ڕێگاى شۆڕش. ئەنجامدانى ئەم كارە بە واتاى ڕاكێشانى دەزووەكانى هاوسۆزيى سەرجەم ئۆپۆزسيۆنى ديموكرات بەرەو هەڵمەتى شۆڕشگێڕانەى پرۆليتاريا ديَت.

دەبێ هەموو توانايەكى خۆمان بەكاربێنين بۆ ڕاكێشانى سەرنج و بەدەستهێنانى هاوسۆزيى دانيشتووانى هەژارى نا-پرۆليتارياى شار. لە ماوەى دوايين بزووتنەوە جەماوەرييەكانى پرۆليتاريادا، وەک لە مانگرتنە گشتييەكانى ساڵى ١٩٠٣ لە باشوور، هيچ شتێک لەم بوارەدا نەكرا، و ئەمە لاوازترين خاڵى كارى ئامادەكارى بوو. بەپێى پەيامنێرانى ڕۆژنامەكان، زۆرجار سەيرترين دەنگۆكان سەبارەت بە نيازى مانگرتووەكان لەنێو دانيشتوواندا بڵاو دەبوونەوە. دانيشتووانى شار چاوەڕوانى هێرشكردنە سەر ماڵەكانيان بوون، دوكاندارەكان لە تاڵانكردن دەترسان، جووەكان لە ترسى پۆگرۆم[5] دا بوون. دەبێت خۆمان لەمە بپارێزين. مانگرتنێكى سياسى ئاراستە كەين وەک شەڕێكى ڕوو بە ڕووى پرۆليتارياى شار لەگەڵ پۆليس و سوپادا، ئەگەر دانيشتوانى تر دژبن يان تەنانەت بێلايەن بن: ئەوا [شەڕەكە] مەحكومە بە تێكشكان.
بێلايەنيى دانيشتووان لە پلەى يەكەمدا كاريگەريى لەسەر ورەى پرۆليتاريا خۆى دەبێ، وە پاشانيش لەسەر هەڵوێستى سەربازەكان. لەژێر بارودۆخێكى لەو چەشنەدا، هەڵوێستى حكومەت بەناچاريى قايم و توندتر دەبێ.
ژەنەراڵەكان وتەكانى دراگۆميرۆڤ[6] ـيان بە ئەفسەرەكان دەدا وئەفسەرەكانيش بە سەربازەكانيان دەگەياند: "تفەنگ بۆ نيشانەشكێنيى ورد دروستكراوە، و هيچ كەسێک بۆى نييە فيشەک بە فيڕۆ بدا."

مانگرتنێكى سياسيى پرۆليتاريا دەبێ بگۆڕێت بۆ خۆپيشاندانێكى سياسيى جەماوەرى، ئەمە يەكەم پێشمەرجى سەركەوتنە. دووەم پێشمەرجى گرنگ، هەڵوێستى سوپايە. ناڕەزايەتى لەنێو سەربازاندا و هاوسۆزييەكى ناڕوون بۆ "شۆڕشگێڕەكان"، ڕاستييەكى سەلمێندراوە. تەنها بەشێک لەم هاوسۆزييە بە دروستى دەگەڕێتەوە بۆ پروپاگەندەى ڕاستەوخۆى ئێمە. بەشى سەرەكييەكەى بەهۆى كردەوەى پێكدانى نێوان يەكە سەربازييەكان و جەماوەرى ناڕازييەوە دروست دەبێ. تەنيا گەمژە بێ هيواكان يان ناپاكە پلەدارەكان، بوێرى ئەوە دەكەن تەقە لە ئامانجێكى زيندوو بكەن. زۆرينەى هەرە زۆرى سەربازەكان پەرۆشن نين وەک تاوانبار خزمەت بكەن؛ ئەمە بە كۆى دەنگ لەلايەن هەموو ئەو پەيامنێرانەوە وتراوە كە

---

[5] Pogrom وشێيەكى ڕووسييە بەماناى هێرشى ڕێكخراو و تاڵانكارى. پۆليسى ڕووسيا بۆ كەمكردنەوەى تووڕەييەكان، بەنهێنى و ڕێكخراو خەڵكى هەژار و بێكارى هاندەدا كە تووڕەيى خۆيان لە جووەكاندا خاڵى بكەنەوە... هەر كە مانگرتنى كرێكاريى ڕوويدەدا، پۆليسى تزار بۆ لەكەداركردن و لاوازكردنى بزووتنەوەى كرێكاريى دەنگۆى ئەوى بڵاو دەكردەوە كە گوايە كرێكارانى مانگرتوو بە نيازى پۆگرۆم يان هێرش و تاڵانى شوێنە گشتى و گەڕەكى جووەكانن. ترۆتسى بە ورياييەوە هۆشدارى لەوە دەدا. كە بەو پڕوپاگەندانە يەكڕيزى كارگەران تێک نەدات.

[6] ميخائيل دراگۆميرۆڤ تيۆرسين و تاكتيكسۆنى سەربازى تزار بوو، نووسەرى كتێبى هونەرى جەنگى 'ڕێنيشاندەرى تاكتيک' بوو. كۆنەپەرست و توندڕەو و بێبەزەيى دژى هەر بزووتنەوەيەكى شۆڕشگێڕى و جەماوەرى سەركوتى دەكرد. ترۆتسكى ئەو وەک ڕەمزى دڕندەيى و سەكوتى سوپاسى تزار وێنا كردوە.

باسی شەڕەکانی نێوان سوپا و خەڵکی بێچەکیان کردووە. سەربازی ئاسایی تەقە لە بەرزی و هەوایی بەسەر جەماوەر دا دەکەن. ئەگەر پێچەوانەکەی ڕاست بووایە، ئەوا شتێکی ناسروشتی دەبوو. کاتێک فەوجی **بێسارابیا** فەرمانی پێکرا کە مانگرتنە گشتییەکەی **کیێف** سەرکوت بکات، فەرمانده‌کە ڕایگەیاند کە ناتوانێت گەرەنتیی هەڵوێستی سەربازەکانی بکات. ئینجا فەرمانەکە بۆ فەوجی **خێرسۆن** نێردرا، بەڵام لە تەواوی فەوجەکەدا یەک نیوە بەلەکیش[7] نەبوو کە لە ئاستی چاوەڕوانیی سەرکردەکانیاندا کار بکەن.

کییێف بارێکی دەگمەن نەبوو. بارودۆخی سوپا ئێستا دەبێ لەبارتر بێت بۆ شۆڕش وەک لەوەی لە ساڵی ١٩٠٣دا بوو. ئێمە بەناو ساڵێکی جەنگدا تێپەڕیوین. ئەستەمە بتوانرێ کاریگەریی ساڵی ڕابردوو لەسەر مێشکی سوپا پێوانە بکرێت. بەڵام کاریگەرییەکە دەبێ زۆر گەورە بێت. جەنگ نەک هەر سەرنجی خەڵک ڕادەکێشێ، بەڵکو بایەخی پیشەیی سوپاش دەوروژێنێ؛ ''کەشتییەکانمان خاون، تۆپەکانمان مەودایان کورتە، سەربازەکانمان نەخوێندەوارن، سەرپەلەکانمان نە ڕێنیشاندەر و نە نەخشەیان پێ نییە، سەربازەکانمان پێپەتی و برسی و سەرمابردەن، خاچی سووری ئێمە دزی دەکەن، بەڕێوەبەرایەتی حکومەت پێداویستییەکانمان دەدزن''، – دەنگۆ و ڕاستیی لەم جۆرە دزە دەکەنە ناو سوپا و بە پەرۆشییەوە هەڵدەمژرێن. هەر دەنگۆیەک، وەک ئەسیدێکی بەهێز، ژەنگی ڕاهێنانی مێشک دەسڕێتەوە. ساڵانێکی زۆری پروپاگەندەی ئاشتیخوازانە بە ئەستەم دەتوانێت لە ئەنجامدا هاوتای یەک ڕۆژی جەنگ بێت. تەنیا میکانیزمی دیسپلین ماوەتەوە. بەڵام متمانە بەوە کە جێبەجێکردنی فەرمانەکان ڕاستە، ئەو متمانەی کە بارودۆخی ئێستا دەتوانێ هەروا بەردەوام بێ، بە خێرایی بەرەو کەمبوونەوە دەچن. سوپا چەندە کەمتر باوەڕی بە دەسەڵاتی تاکڕەو هەبێ، چەند هێندە باوەڕی بە دوژمنەکانی زیاتر دەبێت.

دەبێ ئێمە سوود لەم بارودۆخە وەربگرین. دەبێ واتای کرداریی کرێکاران، کە لەلایەن پارتەوە ئامادەکاریی بۆ دەکرێت، بۆ سەربازەکان ڕوون بکەینەوە. بە شێوەیەکی بەرفراوان ئەو دروشمە بەکاربێنین کە بێگومان سوپا لەگەڵ خەڵکی شۆڕشگێڕدا یەکگرتوو دەکات: **بڕوخێ جەنگ!** دەبێت بارودۆخێک دروست بکەین کە ئەفسەرەکان لە ساتەوەختی چارەنووسسازدا نەتوانن متمانە بە سەربازەکانیان بکەن. ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر هەڵوێستی ئەفسەرەکان خۆیان دەبێت.

ئەوەی دەمێنێتەوە شەقام ئەنجامی دەدا. شەقام پاشماوەی خەواڵوویی سەربازگەکان لەناو شەوقی شۆڕشگێڕانەی خەڵکدا دەرەوێنێتەوە.

بەڵام فاکتی سەرەکی هەر جەماوەری شۆڕشگێڕ خۆیەتی. ڕاستە کە لە ماوەی جەنگدا پێشکەوتووترین توخمەکانی جەماوەر، واتە پرۆلیتاریای هۆشیار بەو ڕادەیە پەرۆش و سوورنەبوون کە پێویستیی ساتەوەختی مێژووییە چارەنووســسازەکە دەیخواست، بە ئاشکرا نەهاتوونەتە پێشەوە. بەڵام ئەگەر کەسێک لەم ڕاستییەوە هەر جۆرە دەرەنجامێکی ڕەشبینانە وەربگرێ، ئەوا جێگەی داخ دەبێ لە نەبوونی پێگەی سیاسی و ساکارییەکەی.

---

[7] Company بەلەک یەکەیەکی سەربازی ١٠٠ کەسییە. پلە سەربازییەکان: دەستە، لەک، بەلەک، کەرت، فەوج، لیوا.

جەنگ بە تەواوی قورساییە گەورەکەیەوە یەوە باڵی بەسەر هەموو ژیانی ئێمەدا کێشاوە. ئەو دێوەزمە سامناکە، کە خوێن و ئاگری هەڵدەمژێ، لە ئاسۆی سیاسیدا دەرکەوت، هەموو شتێکی دادەپۆشی، چنگە پۆڵایینییەکانی لە جەستەی خەڵکدا چەقاند، زامی لەدوای زام دروست دەکرد، وە ئازارێکی کوشندەی هێنا، کە بۆ ساتێک تەنانەت پرسیارکردنیش لەبارەی هۆکارەکانی ئازارەوە ئەستەم دەکرد. جەنگ، وەک هەر کارەساتێکی گەورەی تر، کە قەیران، بێکاری، سەربازگیری[8]، برسێتی و مردنی لەگەڵدا بوو، خەڵکی تاساند، بووە هۆی بێ هیوایی، بەڵام نارەزایەتی نا.

بەڵام ئەمە تەنها سەرەتایە. جەماوەری خاکی، توێژە کۆمەڵایەتییە بێدەنگەکان، کە دوێنێ هیچ پەیوەندییەکیان بە توخمە شۆڕشگێڕەکانەوە نەبوو، بەهۆی هێزی میکانیکیی ڕووداوەکانەوە ڕووبەڕووی ڕووداوی سەرەکی ڕووسیای ئەمڕۆ بوویەوە، واتە جەنگ. ئەوان ترس و تۆقین دایگرتن و نەیاندەتوانی هەناسە بدەن. توخمە شۆڕشگێڕەکان، کە پێش جەنگ جەماوەرە ناچالاکەکەیان پشتگوێ خستبوو، کەوتنە ژێر کاریگەریی کەشوهەوای نائومێدی و ترس و تۆقینی چڕەوە.
ئەم کەشوهەوایە دەوری دان، وەک قورسایی قوڕقوشم پەسانی دەخستە سەر مێشکیان. دەنگی نارەزایەتیی سوور لەنێو ئازاری گشتیدا بە ئەستەم دەتوانرا بەرز بکرێتەوە. پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ کە هێشتا برینەکانی ژووڵی ١٩٠٣ـی سارێژ نەبووەوە، بێدەسەڵات بوو لە بەرەنگاربوونەوەی "بانگەوازی بنەرەتی".
بەڵام ساڵی جەنگ بەبێ ئەنجام تێنەپەڕی، جەماوەرێک کە دوێنێ ئاسایی بوو ، ئەمڕۆ ڕووبەڕووی گەورەترین ڕووداوەکان بووەتەوە. دەبێت هەوڵ بدەن لێیان تێبگەن. ماوەی درێژی جەنگەکە خۆی ئارەزوویەکی بۆ لێکدانەوە و پرسیارکردن لەبارەی مانای هەموو ئەمانە دروست کردووە. بەم شێوەیە جەنگ، لە کاتێکدا کە بۆ ماوەیەک ڕێگر بوو لە دەستپێشخەریی شۆڕشگێڕانەی هەزاران کەس، هۆشی سیاسیی ملیۆنانی بەئاگاهێنایەوە.

ساڵی جەنگ هەروا تێنەپەڕی، یەک ڕۆژیش بەبێ دەرەنجام تێنەپەڕی. لە توێژە هەرە خوارەوەکانی خەڵکدا، لە خودی قووڵایی جەماوەردا، کارێک لە ئارادابوو جووڵەی گەردیلەکان، جووڵەیەکی هەستپێنەکراو، بەڵام بەرگریلێنەکراو و بەردەوام، کارێک بوو بۆ کۆبوونەوەی تووڕەیی، تاڵی و وزەی شۆڕشگێڕانە. ئەو کەشوهەوایەی کە ئێستا شەقامەکانمان هەناسەی پێدەدەن، چیتر کەشوهەوای بێ هیوایی تەواو نییە، بەڵکو کەشوهەوایەکی تووڕەییەکی چڕبووەوەیە کە بەدوای ئامراز و ڕێگادا دەگەڕێت بۆ تەقینەوەی شۆڕشگێڕانە.
ئێستا هەر کردارێکی گونجاوی پێشڕەوی جەماوەری کرێکارمان نەک هەر هەموو یەدەگە شۆڕشگێڕەکانمان، بەڵکو هەزاران و سەدان هەزار خۆبەخشی شۆڕشگێڕیش لەگەڵ خۆیدا کۆدەکاتەوە. ئەم سەرباز کۆکردنەوەیە، بە پێچەوانەی سەربازگیری حکومەتەوە، لە سایەی هاوسۆزیی گشتی و یارمەتیی چالاکانەی زۆرینەی هەرە زۆری هاوڵاتیاندا ئەنجام دەدرێت.

[8] Mobilization یان سەفەربەری، و سەربازگیریش هەمان واتایە.

له سایەی هاوسۆزیی بەهێزی جەماوەردا، له سایەی یارمەتیی چالاکانەی توخمە دیموکراربیەکانی خەڵکدا؛ ڕووبەڕووی حکومەتێک کە جێی ڕقی هەمووانە، هەم له کارە گەورە و هەم له کارە بچووکەکاندا سەرکەوتوو نەبووە، حکومەتێک کە له [شەڕی] دەریاکاندا تێکشکا، له گۆڕەپانی جەنگدا دۆڕا، شەرمەزار و بێ ورەیە، بێ هیوایە بە داهاتوو، حکومەتێک کە بە فیرۆ تەقەلا دەکا کە جێگای ڕەزامەندی بێت، هاندەدا و پاشەکشە دەکات، بێشەرم و ترسەنۆک بەڵێنی درۆ دەدا و ڕیسوا بووە؛ سوپایەک ورەی بەهۆی تەواوی ئاراستەی جەنگەکەوە ڕووخاوە، سوپایەک کە بە ئازایەتی، وزە، پەرۆشی و قارەمانێتییەکەی ڕووبەڕووی بەربەستێکی قایم و حکومەتێکی پڕ ئاڵۆزی بووەتەوە، سوپایەک کە متمانە و باوەڕی بە پتەویی و لە بنەهاتووی ئەو ڕژێمە لەدەستداوە، کە گیرا بوو بۆ خزمەتکردنی، سوپایەکی ناڕازی و بۆڵەبۆڵکەر کە لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە جارێک خۆی لە چنگی ڕێکارە سەربازییەکان discipline ڕزگار کردووە و بە پەرۆشییەوە گوێ لە نەڕەی دەنگە شۆڕشگێڕییەکان دەگرێت، – ئەمانە ئەو بارودۆخانەن کە پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ تێیدا دێتە سەر شەقامەکان. لامان وایە کە مێژوو نەیدەتوانی بارودۆخێکی لەمە باشتر بۆ هێرشی کۆتایی دروست بکات. مێژوو هەموو ئەوەی تەواو کردوە کە ئاگایی سروشتی ڕێگەی بۆ خۆشکردوە. هێزە بیرمەندە شۆڕشگێڕەکانی وڵات دەبێ ئەوەی ماوەتەوە ئەنجامی بدەن.

برێکی زۆر وزەی شۆڕشگێڕانە کۆبۆتەوە. نابێ بەبێ سوود لەناو بچێت، ناکرێ بێ یەکگرتوویی و بێ پلانێکی دیاریکراو لە پێکدادان و شەڕی پەرشوبڵاودا بەفیرۆ بچێت،. دەبێ هەموو هەوڵێک بدرێ بۆ چڕکردنەوەی تاڵی، تووڕەیی، ناڕەزایەتی، قین، و ڕقی جەماوەر، بۆ ئەوەی زمانێکی هاوبەش و ئامانجێکی هاوبەش بەو هەستانە ئاراستە بکرێ، بۆ یەکخستن و پتەوکردنی سەرجەم گەردییلەکانی [ڕایەڵەکانی] جەماوەر، بۆ ئەوەی وا لەوان بکرێت هەست بکەن و تێبگەن کە ئەوان دابڕاو نین، هاوکات بە هەمان دروشم لەسەر ئاڵاکان، بە هەمان ئامانج لە بیروباوەردا، ڕایەڵەی بێشومار لە هەموو شوێنێکدا ڕاپەڕن. ئەگەر ئەم تێگەیشتنە بەدیهات، ئەوا نیوەی شۆڕشەکە ئەنجام دراوە.

هاوکات دەبێت بانگەوازی سەرجەم هێزە شۆڕشگێڕەکان بکەین بۆ جوڵە، چۆن دەتوانین ئەمە بکەین؟

پێش هەموو شتێک دەبێت لەبیرمان بێ کە بێگومان شانۆی سەرەکیی ڕووداوە شۆڕشگێڕییەکان لە ناو شار دایە، پێناچێ هیچ کەسێک نکۆڵی لەمە بکات. هەروەها ئاشکرایە کە خۆپیشاندانەکانی سەر شەقام تەنها کاتێک دەتوانن بگۆڕێن بۆ شۆڕشێکی جەماوەری؛ بنیاتەکەی جەماوەر خۆی بێت، واتە لە پلەی یەکەمدا کرێکارانی کارگە و شوێنەکانی کار لەخۆبگرێ. وا لە کرێکاران بکرێ کار ڕاگرن و ئامێرەکان و شوێنی کارەکانیان بەجێبهێڵن؛ بهێنرێنە دەرەوەی کارگەکان بۆ سەر شەقام؛ بڕۆن بەرەو کارگەی دراوسێ؛ لەوێش ڕاگرتنی کار ڕابگەیەنرێ؛ وا لە جەماوەری نوێ بکرێت بێنە سەر شەقام؛ بەم شێوەیە لە کارگەیەکەوە بۆ کارگەیەکی تر، لە جێگای کارەوە بۆ جێگای کارێکی تر، بە شێوەیەکی بەردەوام ژمارەیان زیاد بکات، بەربەستەکانی پۆلیس ڕابماڵن، دەبێت هەر کە گەشتن بە جەماوەرە نوێ ڕیانکێشن، شەقامەکان قەرەباڵغ بکەن، دەست بەسەر ئەو باڵەخانانەدا بگرن کە بۆ کۆبوونەوەی جەماوەری گونجاون و قایمیان بکەن، کۆبوونەوەی شۆڕشگێڕانەی بەردەوام بگرن کە ئامادەبووان بەردەوام بێن و بڕۆن، جوڵەی جەماەر ڕێکبخەن، ورەیان بەرز

بکەنەوە، ئامانج و مانای ڕووداوەکان ڕوون بکرێتەوە؛ و لە کۆتاییدا گۆڕینی تەواوی شارەکە بۆ یەک سەنگەری شۆڕشگێڕی، ئەمە بە شێوەیەکی گشتی پلانی کارەکەیە.

خاڵی دەستپێکردن دەبێ کارگە و کشوێنی کار بن. ئەمە بەو مانایە دێ کە خۆپیشاندانە جدییەکانی ناو شار کە پڕن لە ڕووداوی یەکلاکەرەوە، بە مانگرتنی سیاسیی گشتی دەست پێبکەن.

دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ مانگرتن ئاسانترە وەک لە خۆپیشاندانێکی جەماوەری، هەروەک چۆن جوڵاندنی جەماوەرێکی ئامادە بۆ کردار ئاسانترە لە ڕێکخستنی جەماوەری نوێ.

بەڵام مانگرتنێکی سیاسی نەک مانگرتنێکی ناوچەیی، بەڵکو مانگرتنێکی سیاسیی گشتی لە سەرتاسەری ڕووسیادا، دروشمێکی سیاسیی گشتیی هەبێ. ئەم دروشمەش بریتییە لە: **"ڕاگرتنی جەنگ و بانگەوازکردن بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنێکی سەرتاسەری**''.

ئەم داواکارییە دەبێ ببێتە داواکارییەکی سەرتاسەری، و ئەرکی پروپاگەندەی ئێمە لەپێش مانگرتنە گشتییە سەرتاسەرییەکەدا لێرەدایە. هەموو دەرفەتێکی گونجاو بقۆزینەوە بۆ گشتگیرکردنی ڕا بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنێکی سەرتاسەری لەنێو خەڵکدا. بەبێ فیرۆ دانی یەک ساتیش هەموو میکانیزمە تەکنیکییەکان و هەموو توانی پروپاگەندە کە لەبەردەستماندایە بخەینە کار. بەیاننامە، وتار، بازنەی خوێندنەوە و کۆبوونەوەی جەماوەری لەدەوری خواستی ئەنجومەنی دامەزرێنەر بە شێوەیەکی بەرفراوان بڵاو بکرێتەوە، بخرێتە ڕوو، وە ڕوونبکرێتەوە. نابێ یەک کەسیش لە شاردا هەبێ کە نەزانێت داواکارییەکەی بریتییە لە: ئەنجومەنێکی سەرتاسەری.

دەبێت: بانگەوازی جووتیاران بکرێت کە لە ڕۆژی مانگرتنە سیاسییەکەدا کۆببنەوە و بڕیارنامە دەربکەن کە داوای ئەنجومەنێکی دامەزرێنەر بکات. بانگەوازی جووتیارانی دەوروبەری شارەکان بکرێت کە بێنە ناو شارەکانەوە بۆ بەشداریکردن لە جووڵە شەقامییەکانی جەماوەر کە لەژێر ئاڵای ئەنجومەندا کۆبوونەتەوە. هەموو کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان، دەستە پیشەیی و زانستییەکان، ئۆرگانەکانی خۆبەڕێوەبەری و ئۆرگانەکانی میدیای ئۆپۆزسیۆن پێشوەختە لەلایەن کرێکارانەوە ئاگادار بکرێنەوە کە ئەوان خۆیان بۆ مانگرتنێکی سیاسیی سەرتاسەری ئامادە دەکەن، کە ڕۆژێکی دیاریکراو دانراوە، بۆ ئەوەی بانگکردنی ئەنجومەنێکی بەڕێوەبەر بێتە دی. کرێکاران داوا لە هەموو کۆمەڵە و دامەزراوەکان بکەن کە لەو ڕۆژەی بۆ خۆپیشاندانە جەماوەرییەکە دیاریکراوە، هاوبەش بن لە داواکاریی ئەنجومەنێکی بەڕێوەبەری سەرتاسەری. کرێکاران داوا لە میدیای ئۆپۆزسیۆن بکەن کە دروشمەکەیان جەماوەریبکرێتەوە و لە ئێوارەی خۆپیشاندانەکەدا بانگەوازێک بۆ هاوڵاتیان بڵاوبکرێتەوە تا بەشداری لە خۆپیشاندانی پرۆلیتاریادا بکەن لەژێر ئاڵای ئەنجومەنێکی بەڕێوەبەری سەرتاسەری.

دەبێ چڕترین پروپاگەندە لەناو سوپادا ئەنجام بدەین بۆ ئەوەی لە ڕۆژی مانگرتنەکەدا هەر سەربازێک، کە بۆ سەرکوتکردنی "یاخیبووان" دەنێردرێت، بزانێت کە ئەو ڕووبەڕووی خەڵکێک بووەتەوە کە داوای ئەنجومەنێکی بەڕێوەبەری سەراسەری دەکات.